# ژیانێکی نامۆ

یوسف عەلی پور

لەو کاتەوە لە دایك بووم

لەگەڵ گزینگی بەیانا

لە گەڵ شیوەن و گریانا

لە وڵاتی جەهل و خورافە و تاوانا

لە ژێر کەون و عەبای کۆلکە مەلاکانا

ئەیانوت وهەروا ئەڵێن :

کە خۆشەویستی تاوانە!!!

بەڵام بێوەژنەکەی گەڕەکی مە

بەتاوانی خۆش نەویستن

ناوی لەناو خەڵکا زڕا!

کیژۆڵە رومەت گەشەکەی دراوسێمان

سێدارەکەی بۆهەڵواسرا!

ئەوکەسەش وا

کە لە خۆشەویستی ئەدوا

به تاوانی خۆشەویستی

بە دەستی براکەی سووتا

بە دەست باوکی خنکێندرا

لەم کارەساتە گەورەدا

لەم وڵاتە پڕ لەئێش وئازارەدا

کە خۆشەویستی تاوانەو

تاوانی خۆش نەویستنیش

سێدارە بۆ دامەزرانە،

خۆشەویستی و خۆش نەویستن

تارماییەکی ژیانمانە

لەم وڵاتە پڕ لە ئێش و ئازارەدا...